# سندووقی ڕەش

**هەڵکەوت چەمچەماڵی**

**لەماوەی ڕابردوو دوای ئەوەی فڕۆکەیەك لە ئۆزبەکستان بۆ نێو ئاسمانی کوردستان هات و بڕیاربوو لە فڕگەی سلێمانی بنیشێتەوە ، کە ئیدارەی سلێمانی لە ڕقی ئیدارەی هەولێر ناوی لێناوە (نێودەوڵەتی ) فڕۆکەکە کەوتە خوارەوەو گشت سەرنشینەکانی گیانیان لەدەست دا .**

**بەپێی زانیاریم و بەدواداچوونم بۆ ئەم ڕووداوەو فڕۆکەخانەی سلێمانی ئەو کۆمەڵە ئەنجامە و ئاگادارییە دەخەمە بەر ڕووی خوێنەران بەتایبەت گەشتیاران :**

1. **بەرپرسانی فڕۆکەخانەی ئۆزبەکستان پێش هەڵسانی فڕۆکەکەیان پەیوەندیان لەگەڵ بەرپرسانی فڕگەی سلێمانی کردووە ، کە ئایا لەبەر خراپی کەش و هەوا ئایا دەتوانن کۆنترۆڵی نیشتنەوەی فڕۆکەکە بکەن یان نا؟ بەرپرسانی فڕۆکەخانەی سلێمانیش تەنها بۆ ئەوەی فڕۆکەی زیاتر لە فڕۆکەخانەکەیان بنیشێتەوە و پێشبڕکێی پێ لەگەڵ((فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی )) پێ بکەن و بێ ئەوەی لە ترسناکی کەش و هەواکە تێبگەن OK یان بۆ هەڵسانی فڕۆکەکە کردووە .**
2. **بە بەڵگە دەڵێم کارمەندانی فڕۆکەخانەی شارەزای ئەلف و بێی کاروبارەکانی زانستی فڕۆکەوانی و بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەیان نییە ، چونکە بەپێی گشت سەرچاوەو ڕۆژنامەکان و تەنانەت ڕۆنامەکانی (کوردستانی نوێ و سایتی ڕاگەیاندنی یەکێتی ) شوانێکی مەڕ پاشماوەی فڕۆکەکەی دۆزیوەتەوە و بەرپرسانی سلێمانی لێ ئاگادارکردبۆوە ، ئەمەش دوای زیاتر لە سێ ڕۆژ لە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە ، ئەوان ئەگەر شارەزاییان هەبوایە بەهۆی سیستەمی نوێی کۆمپیوتەرو ڕادار دەبێ ئاراستەی فڕۆکە لە هەموو لەحزەیەك بزانن .**
3. **سەرەڕای بانگەشەکردنی بەرپرسانی فڕۆکەخانەی سلێمانی بە پێشکەوتوویی و نێودەوڵەتی فڕۆکەخانەکە ، کەچی دوای ئەم ڕووداوە ((یەکێتی نێودەوڵەتی فڕگەکان )) بەنیازە بەهاوکاری وەزارەتی گواستنەوەی بەغدا فڕۆکەخانەی سلێمانی دابخەن ((چونکە ناتوانێ وەکو پێویست بەندەکانی سەلامەت و پێوەری نێودەوڵەتی هەر فڕۆکەخانەیەك جێبەجێ بکات )) ئەوە قسەی من نییە ((بەڵکو دەتوانن دوا ژمارەی هەواڵ وەکو سەرچاوەی هەواڵەکە بخوێننەوە )) .**
4. **لەهەمووی سەیرتر نەدۆزینەوەی ((سندووقی ڕەشە )) ، ئاخر هەموو جارێك کە فڕۆکەیەك دەکەوێتە خوارەوە یەکەمین شت کە پرسیاری لێدەکرێت و هەمیشەش دەدۆزرێتەوەو وون نابێت ((سندووقی ڕەشە)) نازانم بۆ دەبێت تا ئێستا بەرپرسانی فڕۆکەخانەی سلێمانی هەواڵی دۆزینەوەی سندووقی ڕەشیان ڕانەگەیاندبێت بۆ ئەوەی لە هۆکاری ڕاستی ڕووداوەکە بکۆڵدرێتەوە ، دەترسم دۆزرابێتەوە بەلاّم بۆ ئەوەی نەبێتە بەڵگەیەکی ڕاستەقینە لەسەر داخستنی فڕۆکەخانەکەیان و شاردرابێتەوە .**

**لەناخی دڵمەوە حەزدەکەم ((فڕوکەخانەی سلێمانی )) پێوەرەکانی (نێودەوڵەتی )) تیا هەبێت و گەشتی ڕۆژنەی هەبێت ، بەلاّم کە واش نییە ، حەزدەکەین گەشتیارانی ئەوروپا و کوردستان ئاگادار بکەینەوە کە فڕین و نیشتنەوە لە (فڕۆکەخانەی سلێمانی ) شوێنی مەترسی و گیان لەدەستدانە .**